# پرسیارێك له نالی

عه‌لی نارێنی

ئاخۆ قوربان

ئه‌گه‌ر په‌رچویه‌ك روویداو..

جارێکی تر گه‌ڕایته‌وه شاره‌زوورو

جارێکی تر چاوت به حه‌بیبه که‌وته‌وه

ئه‌توانی شیعرێکی وا بنوسی

له بری بۆنی ناپاکی و..

بۆنی بارووت و..

بۆنی خوێن و..

بۆنی شه‌ڕ

میرنشینه‌که‌ی بابانت پڕ که‌یته‌وه

له بۆنی هه‌ڵاڵه‌ی شیعرو

عه‌تری عیشق و..

سملی ژن

له کاتێکدا که خواستنی

کتێبێك و

سۆزانیه‌ك و

چه‌ندت ئه‌وی تی ئێن تی و

بڕوانامه‌یه‌کی دکتۆراش

وه‌کو یه‌کن